
www.kurdistannet.org
5-6-2003 21:21

# له ئیستبدادی تاکحیزبیەوه بۆ "دیموكراسیەتی ئیستبداد"!

## نەخشەی سیاسی ئەمریکا و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی عیراقی بۆ بێئیرادەکردنی جەماوەری عیراق

محسن كريم



دوای ڕوخانی ڕژیمیبەعسو دریژەکیشانی بۆشایی سیاسیو ئیداریو حکومەتی بۆ ماوەی مانگو نیویك، مەسەلەی دامەزراندنی حکومەتی عیراقی چ لە ڕووانگەی هیزه سیاسییه کۆمەڵایەتیەکانو چ له ڕوانگەی جەماوەری عیراقیشەوه وەکو پیویستی پاراستنو دریژەدان به ژیانی کۆمەڵایەتیو مەدەنییان، بووەته مەسەلەی سیاسی ئەسلی له عیراقدا.

ئەمریکا ئەیەوێ حکومەتو دەسەڵاتیکی سیاسی دەستەمۆکراوو وابەسته که پاریزەری بەرژەوەندییه ستراتیژیەکانی بیت له عیراقو ناوچەکەدا دابمەزرینێ. سیمای گشتی ئەم حکومەته له باری سیاسیەوه حکومەتیکی چەند حیزبی پیك هاتوو له نوینەرانی سیاسی بۆرژوازی دەبیت، که دەتوانێ نوینەرانی کۆنەپەرسترین تاقمی بۆرژوازی له بابەتی حیزبو ریکخراوه ئیسلامیەکان بگریته خۆی تا به ناسیۆنالیستەکانی عەرەبو کوردو دەستەو گروپه شیوه لیبرالودیموکراته تەجرەبه دیدەکانی دەستی دەزگای CIA و ئەشکالی دیکەی لەم بابەتانه ! لەم حکومەتەدا جەماوەری کریکارو زەحمەتکیشی عیراقو مافو ئازادیەکانیان ناوو نیشانیکی نابیت، چینی کریکار پیناسەی چینایەتی لێزەوت کراوەو پیناسەیەکی دیکەی بەبەردا کراوەو دابەشکراوه بۆ چەند قەبیلەو قەومو گروپی دینیو...تاد. حیزبو ریکخراوەسیاسیو جەماوەریو پیشەییەکانی کریکارانو تویژه کەمدەرامەتەکانی کۆمەلگای عیراق کەنارخراوو سەرکوتکراو دەبن. دیموکراسی لەسەر شیوازی ئەمریکایی ئەمان ناگریتەوەو تەنها بۆ خۆییەکانه! بۆ ئەوەی ئەمریکا بەم جۆره حکومەته بگات سەرەتا وەکو هیزیکی داگیرکەر، پاش ئەوەی بەپێی بریاری ١٤٨٣، تەئیدی ئەنجومەنی ئاسایشی سەر به نەتەوه یەکگرتووەکانیشی وەرگرت بۆ کۆنترۆلکردنی ئیدارەی سیاسیو ئابووری عیراق، دەیەوێ خۆی بنچینه سیاسیو یاساییو ئیداریو ئەمنیو سەربازیەکانی دابمەزرینێو، بەپێی نەخشەیەکی زەمانەت کراو لەناو ئەو هیزانەی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی عیراقی دەست بەسینەی خۆیدا و له کۆنه بەعسیو سەرۆك عەشیرەتەکانو له ریزیك کادری حکومەتیی پەروەرده کراوو راهینراوی تازەدا حکومەتی جێ مەبەستی پیك بهینێ. بۆ گەیشتن بەم ئامانجەشیان، حاکمی تازەی ئەمریکی له عیراق، پۆل بریمەر، دوو قۆناخی دیاری کردووه که قۆناغی یەکەمیان ماوەی سالیك دەخایەنێو راستەوخۆ ئیدارەی سیاسی عیراق له دەستی هیزەکانی ئەمریکاو بەریتانیادا دەبیتو ئۆپۆزیسیۆن دەوری راویژکارو پیشخزمەتی دەبینن‌و، قۆناغی دووەمیش که رەنگه سالیك بخایەنێ، حکومەتیکی کاتی له هیزو لایەنو شەخسیاته عیراقیەکانی خزمەتکاری خۆی پیك دەهینێ تا کاتی ئەنجامدانی هەلبژاردنو پیك هینانی حکومەتی جیگیرو هەمیشەیی زەمانەتکراوی ئەمریکا له عیراقدا.

هاوشانی دوورخستنەوەی چینی کریکارو جەماوەری زەحمەتکیش لەگیرانی هیچ دەوریکی سیاسی له نەخشەی سیاسی عیراقدا، ژیردەستەییو بێبەشیو چەوسانەوەی ئابووری تەواوکەری ئەم سیناریۆ سیاسییەی ئەمریکا دەبیت له عیراقدا، واته دریژەدان به هەمان واقعیەتی سیاسیو ئابووری پیشوو، بەڵام ئەمجارەیان لەژیر خیمەی دیموکراسی ئەمریکیو بەپێی بنەماکانی ئابووریی بازاری ئازاد! "کریکاری خامۆشو کاری هەرزان" پلاتفۆرمی سیاسیو ئابووری ئەمریکایه بۆ چینی کریکار له عیراقدا.

هیزو لایەنه دینیو قەومییه تەقلیدیەکانو دەستەو گروپه قەومی_شیوەلیبراڵو دیموکراته تازه چەکەرەکردوەکانیش هیچ پلاتفۆرمیکی سیاسیو ئابووری جیاواز لەوەی ئەمریکایان نییه، غەیری ئەوەی کەئەیانەوێ له جیاتی ئەمریکا خۆیان ئەم رۆلەو ئەم ئەرکه جێبەجێ بکەن لەگەڵ دابینکردنی بەرژەوەندیه سیاسیو ئابووریەکانی ئەمریکادا. ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی دەیەوێ که ئەمریکا وەکو هیزیکی"رزگارکەر" حکومەتو دەسەڵاتی سیاسی عیراق تەسلیمی ئەوان بکاتو ئەوانیش له پاداشتی ئەو کارەیدا هەتا هەتایه سوپاسگوزارو خزمەتکاری ئەمریکا بنو بەرژەوەندیەکانی له عیراقدا به چاوان بپاریزن! بۆلەو گازەندەشیان له بریاری ١٤٨٣ی

ئەنجومەنی ئاسایش و لە بریارو هەنگاوەکانی بریمەر، بەوەی کە دەوری ئەمریکاو بەریتانیا لە رزگارکەرەوە دەگۆریت بۆ داگیرکەرو بەپێی بەلینەکانی خۆیان کە دابویان بە ئۆپۆزیسیۆن ناجولینەوە، لەبەرئەوەیە کە ئەمریکاو بەریتانیا وەکو خزمەتکاری دلسۆز متمانەیان پێ ناکەن‌و ئەو جیگاو ریگا سیاسیەیان لە کیس ئەچیت کە ئەانویست بەهۆی پشتیوانی ئەمریکاو بەریتانیاوە بەسەر جەماوەر عیراقیدا بیسەپینن. بە کورتی جیاوازی نیوان ئەمریکاو بەریتانیا لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی عیراقیدا لەسەر نیسبەتی بەشە لە سیاسەت‌و ئابووری عیراقدا. دەنا هەردوولایان لەسەر نەفی کردنەوەو بایەخ دانەنان بۆ ماف‌و خواست‌و ئازادی‌یە سیاسی‌و مەدەنی‌و ئابووری‌یە بنەرەتیەکانی خەلك‌و بۆ یەکسانی کۆمەلایەتی‌و خۆشگوزەرانی ئابووری خەلك‌و لەسەر دوورخستنەوەی جەماوەری خەلك لەبەریوەبردنی کاروباری سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەلایەتی‌یاندا، کۆکن!

چ ئەمریکاو چ هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی عیراقی بە مەوقعیەتیکی لەرزۆکترەوە، لە ئیستاوە لەسەربنەمای بێ‌بەشکردنی جەماوەری کریکارو زەحمەتکیش هەنگاو دەنین بۆ دیاریکردنی ئایندەی سیاسی دەسەلات. ئەمریکا بەهیزی چەك عیراقی داگیر کردوەو بوەتە هیزی ئەسلی دیاریکەری نەخشەی سیاسی عیراق. زۆربەی هەرە زۆری هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازیش بەوانەشەوە کە پایەگای سیاسی رژیمی ئیسلامی‌ئیرانن لە عیراقدا، خۆیان خزاندۆتە چوارچیوەی نەخشەی سیاسی ئەمریکاوە، بە رەچاوکردنی توانای مانۆری هەریەکەیان بۆ وەرگرتنی بەشی زیاتر لە ئەمریکا لە ئایندەی دەسەلاتی سیاسیدا بەهۆی ئەوئیمکاناتەوە کە لە ئاکامی پەیوەندی‌یە ئیقلیمی‌یەکان یان بەهۆی میراتی سیاسی‌و فەرهەنگی کۆنەپەرستانەی دینی‌و قەومی بەعسەوە لە دەستیاندایەو زەمینەی کاری ئەوانی فەراهەمتر کردووە! بەم شیوەیە ئەمریکاو ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی لە پیشدا مەوقعیەتی سیاسی خۆیان بەسەر جەماوەری عیراقدا دەسەپینن، کە نەك لە ریگای شۆرش‌و هەستانی جەماوەری‌و کاری سیاسی ریکخراوەوە رژیمی بەعسیان رووخاندبیت، بەلکو لە ئاکامی شەریکی دڕندانەوەو بەبێ هیچ دەورو نەخشیکی ئەوان‌و بگرە هاوشانی بۆمباران‌و گەمارۆدان‌و کوشتاری ئەوان ئەم کارە بە ئاکام گەیشتوە، وە ئیستاش نائەمنی‌و بیکاری‌و نەبوونی سەرچاوەکانی بژیوی‌و پیداویستیەکانی ژیان هەرەشەی تیاچوونیان لی دەکات‌و، لە هەلومەرجیکی ئاوادا کە جەماوەری کریکارو زەحمەتکیشی عیراق هەموو بیرو هۆشیان لای ئەوەیە رۆژیکی دیکە لە ژیانیان تیپەرینن، ئەوان ( ئەمریکاو ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی) لەسەروو ئەو خەلکەوە حکومەت‌و ئیدارەی سیاسی کاتی دروست ئەکەن. ئەمریکاو ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی تەئیدکراوی ئەمریکا دوای ئەوەی کە دەسەلاتی خۆیان دامەزراندو بەتەواوی زەمینەی جێبەجێبوونی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاو بۆرژوازی عیراقیان فەراهەم کرد، ئەوسا جەماوەری عیراق دەبەنە بەردەم سندوقەکانی هەلبژاردن بۆ ئەوەی کە دەنگ بەوان بدەن‌و شەرعیەت بدەن بە دەسەلاتەکەیان‌و بە خەلکی دنیاش رابگەیەنن کە لە پرۆسەیەکی سیاسی دیموکراتیانەی کەم وینەدا دوای ٣٥ ساڵ لە دیکتاتۆریەت جەماوەری عیراق دەنگی بەنوینەرانی خۆی داو حکومەتی خۆی دامەزراند!

چ پروپاگەندەیەکی ساختەکارانەیە! ٢٤ ملیۆن ئینسانی عیراقی دوای ٣٥ ساڵ سەرکوتی وەحشیانەی رژیمی بەعس، دوای نزیکەی ١٣ ساڵ گەمارۆی ئابووری‌و برسیکردن‌و هەلتەکاندنی بنەماکانی کۆمەلگا، دوای ئەسیرکردنی یەك مانگەی ئەو خەلکەو راگرتنیان لەژیر بۆمباران‌و کوشتاری هەزاران‌و بریندارکردنی دەیان هەزاریان، دوای ئەوەی ئەو خەلکە چاویان بەسەر تانك‌و هیزی سەربازی ئەمریکاو هیزەکانی بۆرژوازی عیراقی خزمەتکاری ئەمریکادا کردەوەو، ئەوانیش بە هیزی چەك‌و بە پارەو پول‌و سامانی زۆرو زەوەندیان کە لە دەزگاکانی موخابەراتی ئەمریکی‌و بەریتانی‌و وولاتانی دەوروبەری عیراق‌و یان لە زەوتکردنی پارووی دەمی خەلکەوە بەدەستیان هیناوە کەوتنە کۆکردنەوەی هیز بۆ خۆیان، و دوای ئەوەی نزیکەی دوو مانگ کۆمەلگایەکی ٢٤ ملیۆنیان لە هەموو بنەماو پیویستیەکانی کۆمەلگای هاوچەرخ بێبەش کردوەو موحتاجی هەموو شتیکیان کردوون، دوای ئەوەی کەنالەکانی راگەیاندن میکرۆفۆنیان خستە بەردەم هەرچی سەرۆك قەبیلەو عەشیرەت‌و پیاوماقوڵ‌و ئەعیانی قەوم‌و کویخاو مەلاو جبە لەبەرو عەمامە بەسەر هەیەو وەکو نوینەران‌و قسەکەران‌و سەرکردەکانی‌داهاتووی خەلکی عیراق ناساندنیان، پاش ئەوەی کۆمەلگای عیراقیان وەکو کۆمەلگای قەبیلەو عەشیرەتەکان نیشاندا، و.... ئینجا بەناوی کاتی‌یەوە حکومەتی خۆیانیان بەسەردا دەسەپینن تادواتر حکومەتی هەمیشەیی خۆیانیان لە هەلبژاردنیکدا کە بردنەوەکەیان بۆ خۆیان پیشتر دابین کردووە، بەسەردا بسەپینن!

لەم تەرح‌و نەخشەیەی ئەمریکاو بالە رەنگاورەنگەکانی بۆرژوازی عیراقیدا جەماوەری خەلکی عیراق فرسەتی ئەوەیان نی‌یە کە هەناسەیەکی ئاسودەیی بدەن‌و ترسی نان‌و نەخۆشی‌و فەوزای ئەمنی‌و خویندنی منالەکانیان نەبیت‌و ئەوسا بەرنامەی سیاسی

ئەحزاب و لایەنە سیاسییەکانیان بە تیرو تەسەلی خرابیتە بەردەست و پێی ئاشنا بوون و هەلبژاردنی سیاسی خۆیان کردبیت و ئەوسا بچنە پای سندوقەکانی دەنگدان بۆ بریاردان لەسەر شیوازی دەسەلات و ئەو حکومەتەی کە بریارە کاروباری سیاسی و ئیداری و ئابووری و کۆمەلایەتییان بەریوە بەریت.

بۆ پیش گرتن بەم سیناریۆ رەشەی کە دریژەدانە بە ٣٥ سال لە سەرکوت و بێبەشکردنی جەماوەری عیراق لە بەریوەبردنی کاروباری سیاسی خۆیاندا، ئەمجارەیان لە لایەن دیپلۆمات و کارمەندەکانی دەزگای موخابەرات و جەنرالە خانەنشین و لەسەرکارەکانی پینتاگۆن و چەند حیزبیکی بۆرژوایی عیراقی دەستەمۆکراوی خۆیەوە، ریگایەکی دیکە هەیە. ئەویش ئەوەیە کە ئیدارەی سیاسی عیراق بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، بۆ نمونە ٦ مانگ، لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە بەریوە ببریت و لەو ماوەیەدا سەرباری دابینکردنی پیداویستیەکانی بژیوی و خزمەتگوزارییە سەرەکیەکانی خەلکیعیراق و دابین کردنی ئاسایش و کۆتایی هینان بە فەوزای ئەمنی و دیاردەی میلیشیایی، ئازادییە مەدەنیەکان و ئازادی سیاسیی بێقەیدوشەرت و ئازادی هەلسورانی سیاسی و هەلومەرجی یەکسان بۆ هەلسورانی سیاسی سەرجەم هیزو لایەنە سیاسیەکانی عیراق دابین بکریت بۆ ئەوەی فرسەت بۆ جەماوەری عیراق برەخسیت کە بە سیاسەت و بەرنامەی سیاسی و کۆمەلایەتی ئەحزاب ئاشنا بن و بتوانن ئینتخابی سیاسی خۆیان بکەن و پاشان لە هەلبژاردنیکی گشتی و سەراسەریدا بەپێی دەنگدانیکی هوشیارانە بۆ بەرنامەی سیاسی ئەحزاب، حکومەتی دلخوازی خۆیان هەلبژیرن.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیر و بۆ چونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.